ئاوریشم ودیباج مەپۆشن، ولە پەرداخ ودەوری زێڕ وزیودا مەخۆن ومەخۆنەوە، ئەوانە بۆ ئەوانە لە دونیادا، ولە دواڕۆژیشدا بۆ ئێمەیە

لە عبدالرحمانی کوڕی ئەبی لەیلاوە دەڵێت: ئەوان لەلای حوزەیفە بوون، حوزەیفە داوای ئاوی کرد ومەجوسیەك ئاوی بۆ هێنا، کاتێك (حوزەیفە) پەرداخەکەی گرت ودەستبەجێ فڕەی دا ووتی: ئەگەر جارێك یان دووجاری تر نەهیم لە ئەمە نەکردایە !! -دەیویست بڵێت: ئەمەم ئەنجام نەدەدا-، وگوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئاوریشم ودیباج مەپۆشن، ولە پەرداخ ودەوری زێڕ وزیودا مەخۆن ومەخۆنەوە، ئەوانە بۆ ئەوانە لە دونیادا، ولە دواڕۆژیشدا بۆ ئێمەیە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە پیاوان ئاوریشم بپۆشن بە هەموو جۆرەکانیەوە. هەروەها نەهی کردووە پیاوان وئافرەتان لە پەرداخ ودەوری ئاڵتون وزیو بخۆن وبخۆنەوە. فەرمووی ئەوانە بەتایبەتی بۆ ئیمانداران لە قیامەتدا؛ چونکە ئەوان خۆیان بەدوور گرت لێی لە دونیادا وەکو گوێڕایەڵیەك بۆ خوای گەورە، و کافرەکان بێبەش دەکرێن لە قیامەتدا؛ چونکە چێژیان لە خۆشیە حەرامەکان وەرگرت لە دونیادا، وسەرپێچی فەرمانی خوای گەورەیان کرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2985